بەشی حەوتەم و کۆتایی

# چەند سەرنجێکی گشتی

ئەردەڵان عەبدوڵلا

لەم بەشەدا بەگشتی هەوڵ دەدەم ، بۆچوونی خۆم و چەند نووسەرێکی تر لەسەر شێرزاد حەسەن و بەرهەمەکانی دەرببڕم . پێم خۆشە بەشێوەیەکی گشتگیرانە ، ئەو بابەت و باسانەی کە شێرزاد لە چیرۆکەکانیدا نووسیویەتی ، شرۆڤەیەکی کورتیان بکەم .

## شێرزاد حەسەن و مەسەلەی ژن

یەکێک لەوباسانەی کە شێرزاد بە شێوەیەکی تایبەتی درکی پێکردووە، مەسەلەی ژن و چەوسانەوەی ژنانە، لەکۆمەڵگای باوکسالاری کوردیدا. ئەم مەسەلەیە لەیەکەم چیرۆکی
( بێوەژن) وە، دەستپێدەکات . لەم چیرۆکەدا شێرزاد بەشێوەیەکی زۆر شێرانە ، هێرش دەکاتە سەر ئەو عادات و تەقالیدانەی ، کە ژنی کوردی پێدەچەوسێتەوە. هەر لەو چیرۆکەشدا ، باسی ژن وەکوو ( مرۆڤێک) دەکات ، کەحەزی لە خۆشی ژیانە ، حەزدەکات چێژ لە ئارەزووە مرۆڤیەکانی ببینێت ، ئاواتەخوازە ببێتە خاوەنی جەستەی خۆی . لەم چیرۆکەدا سەیر دەکەیت ، کە ژن نەک تەنها باوک وبراو مێرد دەیچەوسێننەوە، بەڵکە کاتێک کوڕیش کەگەورە دەبێت، زۆر بێ شەرمانە دایکی دەچەوسێنێتەوە. زۆرجار لە رۆژنامەکاندا دەبیستین ، کە کوڕێک پاش ئەوەی لەدایکی خۆی داوە، دەشیکوژێت . زۆرجار بەناوی شەرەفەوە ، کوڕ دایکی کوشتووە.

## گۆڕینی بۆچوونی شێرزاد بەرامبەر بە ژن

ئەوەی کە جێگای سەرنجە، شێرزاد لەوبەرهەمانەی کەلەپاش ڕاپەڕینەوە نووسیویەتی ، هەڵوێست و بۆچوونی بەرامبەر بە ژن دەگۆڕێت . لەپاش ڕاپەڕینەوە، شێرزاد لەزۆربەی نووسینەکانیدا،تەنها لە ڕوانگەی (سێکس)ەوە بۆ ژن دەڕوانێت. لەزۆربەی نووسینەکانیدا، ژن دەبێتە تاکە شوێنی حەوانەوەی ، ئارەزووەسێکسیەکانی پیاو. گەر سەیری رۆمانەکانی حەسارو پێدەشتی کارمامزەکان و ژنە منگنەکەبکەین ، شێرزاد تەنها باسی ( پوزی خڕو سپی ، سنگی نەرم، مەمکی قووت ، دەنگێکی منگن )دەکات . ئیتر بەچەندین شێوە وەسفی مەمک و سمت وپوزی ژن دەبینیت . ( دووشەمامەی ژێرکراس، جۆگەی مەمەکان ، رانی نەرم ، ، ،هتد) . لەزۆرجاریش وەسفەکانی زۆرناشرینن. بۆنموونە لە رۆمانی پێدەشتی کارمامزەکوژراوەکان ، ژن بە کارمامز دەشووبهێنێت . یان لە ژنە منگنەکە ، چەندین جار ژن ( بەئەسپەژن ، بەرخ و، گوێرەکە ،کارمامز،ئاسک، ،هتد) چەندین ئاژەڵی تر ، کە پیاوحەزی لەگۆشتەکەیەتی.
زۆرجار باسی (ئارەقەی ژنان) دەکات . من نازانم ئارەقکردنەوە شتێکی پیسە ، گەر ژنێک بۆنی ئارەقەی بێت ، هیچ کاتێک پیاوحەزی لێناکات. مەگەر تەنها ئەوپیاوانەی کە زۆر (سووتاون بۆ سێکس).
بەبڕوای من ئەم گۆڕانەش ، پەیوەندی بە گۆڕانی بیروبۆچوونی تایبەتی شێرزادەوە هەیە. جاران وەکوو

چەپێک بۆژن دەیڕوانی . هەربۆیە ژنی وەکوو مرۆڤێکی چەوساوەدەبینی و ، باسی ئازارو مەینەتیەکانی دەکرد. وەلێ پاش ئەوەی شێرزاد بەرەو پۆست مۆدێرنیم هەڵدێت ، ئیتر تەنها لە ڕوانگەی مەسەلە سێکسیەکانەوە بۆ ژن دەڕوانێت .

## چەقین لە نێوان سێکس و فرۆیدیزم

لەسالآنی پاش هەرەسەوە ، نووسەرانی کورد کەوتبوونە گێژاوێکی گەورەوە. شۆرش هەرەسی هێنابوو، بەعسیش هێرشی دڕندانەی دەستپێکردبوو. ڕۆژلەدوای ڕۆژ گرتن و توندوتیژی  زیاتر دەبوو. لەوکاتەدا دەبوایە نووسەریش قسەی خۆی بکردایە. زۆرلەو نووسەرە تازەپێگەیشتوانە، بۆئەوەی ناودەربکەن ، دەستیان دابوویە شیعری حەماسی و شۆرشگێڕی . ئەمەش نووسەرە گەورەکانی تووشی  نارەحەتی کردبوو. چونکە ئەوان خۆیان نەیاندەوێرا شتی وابنووسن . چەند نووسەرێکیش ، بۆئەوەی ڕەخنەی لێنەگیرێت ، خۆیان فڕێدابووە ناو دەریای فرۆید  یان ڕووباری وجودیەت و سارتەرەوە. ئەمەش زیاتر بۆ خۆدزینەوە بوو ، لەجیهانی سیاسەت و هەلۆیست .
یەکێک لەوشتانەی کە شێرزاد پێ ناسراوە، نووسین دەربارەی سێکس و نەخۆشیە دەروونیەکانە. بەتیابەت سێکس ، لەزۆربەی نووسینەکانیدا، پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە . دیارە ئەوکاتە مەسەلەی سێکس ، بەتایبەت سالآنی حەفتاوهەشتاکان ، بۆ خوێنەری کورد شتێکی نوێ بوون . هەربۆیە خوێنەر چێژێکی زۆری لە نووسینەکانی شێرزاد دەبینی . وەلێ پاش ڕاپەڕین ئەو باسانە چیتر ئەو ڕەونەق و خۆشیەی جارانی نەما. دیارە ڕاستە سێکس رۆلێکی گرنگی لەژیانی مرۆڤدا هەیە، وەلێ ناکرێت نووسەر تەنها لەروانگەی سێکسەوە، بۆ ژیان بڕوانێت . ناکرێت تەنها لەدیدگای سێکسەوە ، شرۆڤەی کێشەکانی ناو کۆمەڵگابکەیت . دیارە شێرزاد زۆر لەژێر کاریگەری فرۆیدایە . ڕاستە فرۆید  یەکێکە لەزاناگەورەکانی سەدەی پێشوو، رۆلێکی گەورەشی هەبووە ، لەناسینی جیهانی سێکس و، کاریگەری سێکس ، لەسەر کەسایەتی مرۆڤ . وەلێ بەداخەوە ئەویش هەموو شتێکی ، بەپەتی سێکسەوە بەستۆتەوە. من لێرەدا نامەوێت باسی تێزەکانی فرۆید بکەم ، چونکە ئەوە باسی من نییە. دیارە کاک شێرزاد زۆر لەناو دەریای پانی فرۆیدا نووقم بووەو، زۆر زەحمەتە ڕزگاریشی بێت. ئێستا وای لێهاتووە ، بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی شێرزاد بخوێنیتەوە ،دەزانیت کە سێکس بەشێکی گەورەی بەرهەمەکەی پێکدەهێنێت .
من دەتوانم بڵێم ، شێرزاد هێشتا لەسالآنی هەشتاوە ڕزگاری نەبووە. زۆر زەحمەتە لەوباسانە دەربچێت و، ناشتوانێت خۆی لەقەرەی باسەکانی تر بدات .

## سیاسەت

گەرچی شێرزاد هیچ کاتێک خۆی بە پارتێکی سیاسیەوە نەبەستۆتەوە، ئەمەش تارادەیەکی باش سوودێک و ڕێزێکی باشی بۆ دروستکردووە . وەلێ نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت ، کەهیچ کاتێک نابێت نووسەر لەئاست کێشە سیاسیەکانی ناوکۆمەڵگاکەی بێ دەنگ بێت . بەداخەوە شێرزاد لەئاست کێشە سیاسیە گەورەکان ، هەمیشە بێ دەنگی هەڵبژاردووە. شێرزاد  لەئاست مەسەلەکانی ( سێکس و دەروون ناسی)  زۆر ئازاو شێرە ، وەلێ کاتێک بە قەلآی سیاسەتدا تێدەپەرێت ، خۆی گێل دەکات و زۆر شەرمنانە  بەلآی سیاسەتدا تێدەپەڕێت . هەتاوەکوو ئێستاش شێرزاد نەیتوانییوە رۆمانێکی سیاسی بنووسێت . ئەو هەموو کێشە و نەهامەتیە گەورانە

بەسەر گەلەکەماندا هاتووە ، کەچی زۆر سەیرە شێرزاد ناتوانێت نەک رۆمان بەڵکە کورتە چیرۆکێکی کورتیش بنووسێت .

## منداڵ

بەداخەوە منداڵ و کێشەکانی ، بەشێکی ئێجگار کەمیان لە بەرهەمەکانی شێرزاد هەیە. جگە لە کورتە چیرۆکی "زەلکاو" ، هیچ بەرهەمێکی تری دەربارەی منداڵانەوە نەنووسیوە. کەبەبڕوای من باشتربوو کەمێک ئیهتمامی بەم بەشە گرنگەی کۆمەڵگا بدایە. هەرچەندە بەراستی لە چیرۆکی "زەلکاو" دا ، زۆر بەجوانی و ئەدەبیانە ، وەسفی جیهانی منداڵی کوردی کردووە. ئەوەی کەلەم چیرۆکەدا زۆر بەدڵم بوو، باسکردنی کێشەی ( **ترسنۆکی منداڵان ، منداڵبازی ، نەبوونی جیهانی منداڵان ، نەبوونی یاری و جێگای یاری ، نەبوونی مەلەوانخانە، نەبوونی باخچەی منداڵان، دڕندایەتی هەرزەکاران و گەورەکان بەرامبەر بە منداڵ، کێشەی مامۆستاو خوێندکار**) ، کەبەراستی زۆرجوان وەسفی ئەوکێشانەی کردووە. بەداخەوە هەتاوەکوو ئەمرۆش ، منداڵی کورد بەدەست ئەوکێشانەوە دەناڵێنێت و چارەسەرنەکراون . وەلێ بەداخەوە تەنها ئەم چیرۆکە لەو خەرمانەزۆرەی کاک شێرزاد دەبینین .

## فۆرمی نووسین

بەشی هەرەزۆری بەرهەمەکانی تەنها بەیەک فۆرمی نووسین نوسیووە. ئەویش فۆرمی گێرانەوە چیرۆکە لەزاری کەسی یەکەمی تاکەوە(واتە من). هەرچەندە ئاساییە کە نووسەر تەنها فۆرمێک بەکاربهێنێت ، وەلێ نابێت نووسەر فۆرمەکانی تر فەرامۆش بکات و ، تەنها خۆی بە یەک فۆرمەوە ببەستێتەوە. ئەم فۆرمەش کە شێرزاد پێ دەنووسێت ، زیاتر لە چیرۆکدا بەکاردەهێنرێت. ئەو فۆرمانەی کە بەگشتی رۆمانیان پێدەنووسرێت ، شێرزاد ناتوانێت پێی بنووسێت .

## ئایا شێرزاد رۆماننووسە ؟! یان هێشتا لە جیهانی چیرۆک دایە ؟!

راستە ماوەی چەند ساڵێکە شێرزاد دەستی کردووە بە رۆماننووسین ، چەند هەنگاوێکی زۆر گرنگیشی لەوبوارەدا ناوە، وەلێ کاتێک پیاو سەیری فۆرم و باس وبابەتەکانی ئەم رۆمانانەی دوایی شێرزاد دەکات ، هەست دەکەیت هێشتا لەژێرکاریگەری چیرۆک دەرنەچووە. بەشی زۆری ئەو رۆمانانەی کە نووسیویەتی ، رۆمانی کورتن یان (نۆڤێلن). کەئەمانەش زیاتر لە چیرۆکەوە نزیکن تاوەکوو رۆمان . هەربۆیە من لەوباوەڕەدام ، کەهێشتا شێرزاد چیرۆکنووسە نەک رۆماننووس.

## شێرزاد و میدیا

دیارە میدیای کوردی زۆر ئیهتمامیان بە شێرزاد داوە، هەر ئەم ئیهتمامەش وایکردووە ، کە شێرزاد لە چاونووسەرەکانی تردا ، بناسرێت و ناوبانگ دەربکات . گەر نووسەرانی تر ، لەڕووی میدیاوە شانسیان کەم

بوویێت ، ئەوابەدڵنیاییەوە ، شێرزاد لەم بوارەدا بەشی شێری هەبووە. دیارە چ میدیای حیزبی (یەکێتی وپارتی) ، یان میدیای سەربەخۆ ، ئیهتمامێکی زۆرباشیان بە شێرزاد داوە. بەڵام ئایا بۆنووسەر جوانترنییە کەخۆی کەم پیشانی میدیاکان بدات ؟! بەشی زۆری نووسەرە مەزنەکانی جیهان ، زۆرکەم خۆیان لەمیدیاکاندا دەردەخەن . بگرە هەیانە بەهەموو ژیانیان ، تەنها یەک دوو چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی دەکەن ، کەدەتوانم بڵێم ئەمەش سیفاتی گشتی زۆربەی نووسەرەمەزنەکانی جیهانە. باشترە نووسەر بە بەرهەمەکانی خۆی بە خوێنەران بناسێنێت. من لەوباوەڕەدام هیچ نووسەرێک هێندەی شێرزاد، عاشقی چاوی رەشی کامێراو سنگی سپی رۆژنامەکان نییە . وای لێهاتووە دەبێت هەموو مانگێک چاوپێکەوتنێک بکات ، جاری واش هەیە هەفتانە دیمانەی رۆژنامەوانی دەکات .

## شێرزاد و ڕەخنەگران

بەگشتی بەرهەمەکانی شێرزاد بەسەرکردنەوەیەکی زۆری لەلایەن نووسەرانەوە بۆکراوە. بەشێکی زۆر زیاتر خەریکی ستایش و پیاهەڵدانی بوون . وەلێ بەشێکی کەمیش بەبۆچوونێکی ڕەخنەگرانەوە ، بەرهەمەکانیان هەڵسەنگاندووە. دیارە چەند کەسێکیش زۆر ناحەزانە ، جنێو قسەی ناشرینیان پێداوە.

### ئەحلام مەنسوور

رۆژنامەنووس و چیرۆکنووسی بەتوانا ، خاتوو ئەحلام مەنسوور ، لەو لێکۆڵینەوەیەی کەلەسەر کورتە چیرۆکی کوردی کردوویەتی ، چەند چیرۆکێکی شێرزادیشی بەسەرکردۆتەوە. خاتوو ئەحلام دەربارەی شێرزاد دەڵێت :

**شێرزاد حەسەن : گرێی سێکسی و تەنیایی مرۆڤ لەگەڵ کێشەیەکی گەردوونی ئەنتۆلۆژی و سایکۆلۆژی چڕی مرۆییدا بەرامبەر کردۆتەوە ئازادی تەواوی بەخشیوە بەکەسێتییەکان بەپان ودرێژی وبەئاشکرا ونهێنی خۆیاندا شۆربنەوەبۆدنیای ناوەوەوشاراراوەی خۆیان وبێ سێ ودوو دەمامکەکانیان فڕێ بدەن کەواقیعی کۆمەلایەتی ونەریتی کوردەواری وپەروەردەی خەسێنەری لۆژیکی رۆژهەلات سەپاندوونی بەسەرتاکدا.... شێرزاد بەئاشکرا خاوەنی زمان و تەکنیک و جیهان وبونیادێکی تایبەت بەخۆیەتی ،،لەهەفتاکانیش دا تەنها دەنگە کە نەبۆتە دەرویشی ئایدۆلۆژیاومینبەری هزری نەتەوەیی وچەواشەگەری نیشتمانی لەهۆشبەر ..1**

### عەتا قەرەداخی

نووسەرورەخنەگر عەتاقەرەداخیش، لێکۆڵینەوەیەکی باشی لەسەر کارەکانی شێرزاد کردووە، بەتایبەت لەسەر رۆمانی "پێدەشتی کارمامزەکوژراوەکان" ، زۆر بەشێوازێکی رەخنەگرانە ، ئەم رۆمانەی خوێندۆتەوە. بەبڕوای کاک عەتاش ،شێرزاد چیرۆکنووسێکی بەتوانایە. وەلێ ناڵێت رۆمانووسێکی بەتوانایە . عەتا قەرەداخی دەڵێت :

**کاک شێرزاد وەکوو چیرۆکنووسێک کەجێگایەکی دیاری هەیە لەسەر پانتایی چیرۆکی کوردی ، ناشێت دڵنەوایی بکەین و ڕەنگە لەقازانجی ئەویش نەبێت بەبێ بنەما ئافەرینی بکەین ..2**

## کاوەجەلال

نووسەر ورەخنەگر کاوەجەلال ، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەسەر چیرۆکی "حەسار وسەگەکانی باوکم " کردووە. بەگشتیش بۆچوونی خۆی دەربارەی شێرزاد نووسیوە. کاوەجەلال دەڵێت :

**ئێمە لەلای شێرزادحەسەن ، لەڕووی دارِشتنەوە، پێیەکمان لەنێوقۆناغی ئەدەبیی ئەیلوولدایەو پێیەکمان لەدەرەوەیە، ، ،ل.101،**
**شێرزاد هەوڵ دەدات "تابووەکان بشکێنێ" ، بۆنموونە شکاندنی تابووی پیاوەتی (گوڵی رەش) وسێکسوالێتی. نووسەر پیاولەنێو داماوییەکاندا نیشان دەدات نەک وەک مەزنێکی نەشیاوی هەڵەو لێپرسینەوە. ئەم جۆرە ئەدەبەی شێرزاد حەسەن وای کردووە کەمایەی ترس بێ ، گەرچی بەئاشکرا دەرنابڕدرێ یان بەدەگمەن دەردەبڕدرێ. کەچی نووسەر بۆ بڕێکی فرەی گەنجانی ئەدەبدۆست وەک زمانحاڵ دەردەکەوێ . ل 102 ..3.**

## دوا ووشە

لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ بەرێز شیرزاد حەسەن دەخوازم . ئاواتەخوازم کە قەڵەمەکەی زیاتر بنووسێت ، باخچەی ئەدەبی هەمیشە سەوزبێت . هیوادارم بەدڵێکی فراوانەوە ، سەرنج و رەخنەکانم وەربگرێت .

## سەرچاوە:


1. ئەحلام مەنسوور . بینای هونەری لەکورتە چیرۆکی کوردیدا . 1970_1980 . چاپخانەی سەردەم . چاپی یەکەم . 1999. لاپەرە 153
2. عەتا قەرەداخی . گەرانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع . چاپخانەی سەردەم . 2003 . لاپەرە 250
3. کاوەجەلال . لەتەک فینۆمێنە ئەدەبییەکاندا. 2006 . ناوی چاپخانە نەنووسراوە. لاپەرە. 101 _102